کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:03 17-4-2007

# کوردستان وڵاتێک نیە ئێمەی تیادا بژین بەڵکو وڵاتێکە لەناخماندا ئەژیت ... تاریق ئەحمەد

ئێمەی کورد هەرگیز چاومان لەخاك و پیرۆزی هیچ میللەتێکدا نەبوە و کەسمان لەخاك و وڵاتی خۆی دەرنەکردوە و ناشکەین بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشە ئێمە دوچاری زۆرداری وداگیرکاری بوینەتەوە سەدان ساڵە تێدەکۆشین و قوربانی ئەدەین بۆ وەرگرتنەوەی مافە زەوتکراوەکانمان و یەکخستنەوەی خاکە پارچە پارچە کراوەکەمان شەڕی ئێمە شەڕی بەرگری لەخۆ کردن بوە نەك بەپێچەوانەوە هەرگیز زۆرداریمان بەرامبەر بە هیچ کەس نەکردوە لەهەمان کاتدا زۆرداریشمان قبوڵنەکردوە بڕوامان بەتوندی تیژی نەبوە ئەگەر شەڕ دەرگای پێنەگرتبین هەمیشە نمونە بوین بۆ پێکەوە ژیانی برایەنە لەگەڵ هەموو کەسێکدا، خاوەنی جوانترین و خۆشترین وولآتین بەڵام دوژمنان هەمیشە لەهەوڵی بەردەوامدا بوون لە ڕابردو لە ئێستاشدا بۆ شێواندنی وولآتەکەمان و سڕینەوەی ناوی کورد لە دنیادا، ئەمڕۆ هەندی مێژوو شێوێنی عەرەب بە یەهودی و تورك ڕەگەز پەرست بە تورکی کێویمان ئەزانن ئایا نازانن یەکەم مرۆڤ کە پێش هەزاران ساڵ لەم ناوچەیەدا ژیاوە لە مێژودا هەتا ئێستاش هەر کورد بوە، ئێمە لەسەر خاکی ئەوانین یان ئەوان لەسەر خاکی ئێمەن؟
لێرەوە ئەڵێم تورك با پەند لە بەعسی گۆڕ بەگۆڕ وەربگرێت کە بەو هەموو هێزو توانایەی خۆی و زۆر لە دەوڵەتانی عەرەبی نەیتوانی دەنگی کورد بخنکێنێت تورك بە لەشکرێکی سوزانی چۆن ئەتوانن ئەم میللەتە سەرکوت بکات، لەبیرتان چوو کورد چۆن ئەو ڕژێمەی خستبوە هەلەکەسەما؟ لەبیرتان چوو بەچەند جەنگاوەرێك چۆن لەشکرێکی 3000 کەسی ئێوەیان تێکشکان؟ لەبیرتان چوو کورد نەوەی بارزانی و قازی و شیخ سەعید و شێخ مەحمودن؟ ئەتانەوی خۆشەویستی ئەم خاکەمان لەدڵ دەربێنن و چەند هەزار تورکمانێکمان لەسەر بکەن بە کەڵەگا؟ خەیاڵتان خاوە دڵنیا بن دارو بەردی ئەم وڵاتە پێشمەرگەیە ئەم خاکەتان بۆ ئەکەن بە قەبرستان هەروەك چۆن بۆ دوژمنانی تری کردبو، کورد بە ئەنفال و کیمیاوی و کۆمەڵکوژی لەناو نەچوو، لە چاو سورکردنەوە و گڤەگڤی تورك ناترسێت و لەناو ناچێت، ئەو لەشکرە بێشومارو بێتوانایەی تورك ناتوانێت بەرامبەر چەند جەنگاوەرێکی pkk بوەستێت چۆن ئەتوانێت بەرامبەر تەواوی میللەتی کورد ببێتەوە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ؟سەردەمی کەمال ئەتا تورك بەسەرچوو ڕۆی بۆهەتا هەتایی گۆڕ بەگۆڕ بوو ئەم سەردەمە سەردەمی هێزو جەبەروت نیە سەردەمی یاسای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ و لێکتێگەیشتنە نەك لەناو بردنی میللەتان، وانەزانن کوردستان وولآتێکە کوردی تیادا ئەژی بەڵکو وولآتێکە لەناخی هەرتاکێکی ئەم میللەتەدا ئەژی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.